

# یاداشتی ڕۆژێ
# ٢٩ی ئەپریلی ١٩٩٤

**ئۆرهان پاموک**

**لە سویدییەوە: هیوا قادر**

(لەو ڕۆژەدا هەفتەنامەی لو نوڤور ئوبسیرڤاتوری فەرەنسی داوای لە سەدان نووسەر لە هەموو دنیادا کرد کە باسی خۆیان بکەن لە هەر کوێیەکی دنیادا هەن، من ئەو ڕۆژە لە ئیستەنبوڵ بووم).

# سەدان ڕۆشنبیر پێیان باش بوو بۆ دەربڕینی ناڕەزایی دژ بە پاریزگای تازە بچنە بارەکان و تەواو خۆیان مەستبکەن

**تەلەفون کردنێک:** کاتێ پلاکی تەلەفونەکەم دەرهێنا و دانیشتم بۆ ئەوەی دەست بکەم بەنووسین لە یەکێک لەو ڕۆمانانەدا کە بەدەستمەوە بوو، وەک هەمیشە بەخەیاڵمدا هات کە ڕەنگە ئێستا کەسێک بۆ شتێکی گرنگ بیەوێت پەیوەندیم پێوەبکات، یان ڕەنگە بۆ بابەتێک زێدەگرنگ منی بوێت و نەتوانێت بمدۆزێتەوە، بەڵام سەرباری هەموو ئەو خەیاڵانەش من نوزەم لە تەلەفونەکە بڕی. زۆر دوای ئەوە، کاتێک سەرلەنوێ پلاکی تەلەفونەکەم پێوەکردەوە، هەندێک تەلەفونم کرد و هەر دوای ئەوەش خێرا بیرم چوونەوە کە چیبوون. بەڵام ڕۆژنامەنووسێکیش لە ئەڵمانیاوە تەلەفونی بۆ کردم و پێی وتم ئەیەوێت بێت بۆ ئیستەمبوڵ و چاوپێکەوتنێکم لەگەڵدا بکات لەسەر بزوتنەوەی ئیسلامییە فەندەمەنتالەکان و سەرکەوتنی پارتی ڕەفای ئیسلامی لە هەڵبژاردنی ناوخۆدا. من بۆ جاری دووهەم لێم پرسییەوە کە ئەو لەگەڵ چ کەناڵێکی تەلەفزیۆنیدا کارئەکات؟ بەڵام ئەو بەجۆرێک وەڵامی دامەوە کە حاڵی نەبووم.

**پیت و هێما و مارکە:** زۆرینەی ئەو ڕیکلامە جیاوازانەم بینیوە کە باس لە هەموو شتێک ئەکەن هەر لە پانتۆڵی جینسەوە بیگرە تا بانکەکان کە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا بڵاوئەکرێنەوە و بە شیلتەکانی ناو شاریشدا هەڵئەواسرێن. لە سەر شەقامەکەش ڕێکەوتی ژنێکی پرۆفیسۆرم کرد، کۆمەڵێک لیستی درێژی ناوی ئەو مارکە لەبەرچاو و خاوەن کارگانەی دامێ کە کۆمەکی حیزبی ڕەفایان کردووە. ئەو ژنە داوای لەو خەڵکانە ئەکرد کە ئەیناسین تا بایکۆتی ئەو مارکەی پسکیت و ماستانە بکەن و سەردانی ئەو دوکان و ڕیستورانانە نەکەن، کە لە لیستەکەدا ناویان هاتووە. کاتێکیش سواری مەسعەدەکە بووم و چوومە سەرەوە بۆ باڵەخانەکەم وەک هەمیشە نیگەران بووم، بۆیە نەمئەویست لە ئاوێنەکەدا خۆم ببینم، لەبری ئەوە سەیری مارکەی مەسعەدەکەم کرد: وێرتایم. زۆر بە ئاسانی ئەو ناوانەم ژمارد کە لە کۆتایی لیستەکەدا هاتبوون، لەوانە حاسیبەی مارکەی کاسیۆ. سەرباری ئەوەی کاتێک لەسەر شەقامەکە بووم ئۆتۆمبیلێکی پلەیموسی مۆدێل ١٩٦٠م بینی لەگەڵ شێڤرولەتێکی ٥٦ کە تا ئێستاش وەک تەکسی بەسەر شەقامەکانەوەیە.

**کوچە و شەقام:** سەرباری ئەوەی ئابووریی تورکیا دوو مانگێکە لە قەیراندایە و بەهای لیرەی تورکی تا نیوە قیمەت شکاوە، بەڵام هێشتاش شەقام پڕە لە خەڵک. هەمیشە ئەو هەموو خەڵکە بۆ من جێی پرسیارن، کە ئەبێت بچن بۆ کوێ، هەر ئەوانیش بیریم ئەهێننەوە کە نووسەربوون چ کارێکی بێ مانایە: ژنان ئەبینم لەگەڵ منداڵەکانیاندا سەیری تابلۆی سەر پەنجەرەکان ئەکەن، کچانی قوتابخانە کە پێئەکەنن و پاڵ بەیەکترییەوە ئەنێن، دەستگێرە ڕاونراوەکان کە لە شەقامی ئەوسەری مزگەوتەکەدا وەستاون و جگەرەی قاچاخ و نیسکافە و فەخفوری سینی و ڕۆمانی عاشقانەی کۆن و گۆڤاری مۆدێلی کۆنی ئەورووپی ئەفرۆشن. پیاوێکیشم بینی بە عەرەبانەیەکی سێ تایی خەیاری تەڕوبڕی ئەفرۆشت و پاسێکیش تا دواهەمین ویستگە پڕبووبوو لە خەڵکی. لە دەرەوەی مەکتەبی پارە گۆڕینەوەکەدا پیاوانی گەنج بە بابۆڵە و جگەرە و کیسەی پارە بەدەستەوە وەستاون و سەیری بۆرسەی دۆلار



سەرباری ئەوەی ئابووریی تورکیا دوو مانگێکە لە قەیراندایە و بەهای لیرەی تورکی تا نیوە قیمەت شکاوە، بەڵام هێشتاش شەقام پڕە لە خەڵک. هەمیشە ئەو هەموو خەڵکە بۆ من جێی پرسیارن، کە ئەبێت بچن بۆ کوێ، هەر ئەوانیش بیریم ئەهێننەوە کە نووسەربوون چ کارێکی بێ مانایە



ئەکەن، کە لەناو تابلۆ ئەلکترۆنییەکەدا بەرزئەبێتەوە. منداڵێک بە ڕاکردن لە دوکانێک دێتەدەرێ و چەند دەبەیەک ئاوی گەورەی بە پشتەوەیە. هەمدیس ئەو شێتەشم ناسییەوە کە ماوەیەکە لەسەر کوچە و کۆڵانەکان دەرئەکەوێت و هیچ عەلاگەیەکیشی بەدەستەوە نییە، بەڵکە سوکانێکی ڕاستیی سەیارەی بەدەستەوەیە و بەسەر شۆستەکان و ناو خەڵکەکەدا ئەڕوات و بایئەدات. کاتێکیش دواتر دوانیوەڕۆ شەربەتە پرتەقاڵەکەی خۆمم خواردەوە و بەرەو ماڵ بەرەو ژووری نووسینەکەم چوومەوە، هاوڕێیەکی خۆشەویستم لەناو ئەو خەڵکەدا بینی، کە لەدوای نوێژی هەینی بەرەو ماڵ ئەگەڕایەوە، کەمێک پێکەوە گاڵتەمان کرد و دواتر یەکمان بەجێهێشت.

**پێکەنین و گاڵتە و خۆشبەختی:** من و هونەرمەندێکی هاوڕێم کاتێکی زۆر خۆشمان لەگەڵ هەندێک لە خزمە دەوڵەمەندەکانماندا بردەسەر کە سەرمایەگوزارییان لەو بانکانەدا کردبوو، کە چەند هەفتەیەک لەوەوبەر ئیفلاسیان کردبوو. بۆچی ئێمە لەویادا هێندە پێکەنین؟ چونکە ئەوان بۆ ئێمەیان سەلماند کە زیرەک و وریا نەبوون و بۆخۆیان تێوەگلاون. دواتر ئێوارەکەی من کاتێکی خۆشم لەگەڵ وەرگێڕێکی هاوڕێمدا بردەسەر، کە پێشتر تەلەفونی بۆ کردبووم و حەزیکرد لەگەڵیدا وەک ناڕەزاییەک دژ بە سیاسەتی ناوخۆی حیزبی ڕەفا بچم بۆ باڕێک و بخۆینەوە. سەدان ڕۆشنبیر پێیان باش بوو بۆ دەربڕینی ناڕەزایی دژ بە پاریزگای تازە بچنە باڕەکان و تەواو خۆیان مەستبکەن. چونکە خاوەنی ڕیستۆرانتەکانی عەزیەتدابوو ئەیویست خزمەتکردنی سەر جادەکان قەدەغەبکات. مەی خواردنەوە، کە سەردەمانێکی زوو سیاسەت قەدەغەی کردبوو وادیاربوو لەپڕ بکرێتەوە بە مەسەلەیەکی سیاسی و ورەی هاویارانی سیاسیی پێ بەرزبکرێتەوە. کاتێکیش ویستم ڕویای کچە تەمەن دووساڵەکەم بخەوێنم کەمێک ختوکەم دا، زەردەخەنەکەی ئەو بە ڕووم دا وایلێکردم منیش زەردە بمگرێت، بەڵام ئەو زەردەخەنانە ڕەنگە بەهیچ شێوەیەک نیشانەیەک نەبن بۆ مانای ئاسودەیی، بەڵکە بیرخەرەوەیەکن بۆ ئەو بێدەنگییەی کە لەئارادایە و بیری ئەکەین دوای ئەو هەراو زەنایەی ڕۆژانی ناو ئیستەنبول کە هاتۆتە ناو گوێچکەکانمانەوە.

**هەراوزەنای ناو ئیستەمبوڵ:** ئەم هەراوزەنایە، کە هەرگیز حەزم لێی نەکردووە تەنانەت لە هەرە ساتەکانی تەنهاییشمدا، منیش لەگەڵ دە ملیۆن دانیشتوانی شاردا گوێ ئەگرین لە: هۆڕنی سەیارەکان، گرمەگرمی پاسەکان و ماتۆڕەکان، هەراوهوریای ڕێگاوبانەکان، قیژەی منداڵان، هاواری دەستگێڕەکان و سەڵای بانگەکان، هۆڕنە دەستییەکان، پۆلیس و ئەمبولانسەکان، دەنگی تەزجیلەکان، ئەو دەرگایانەی پێوەئەدرێن، ئەو دەڕابانەی دائەدرێنەوە، زەنگی تەلەفوونەکان، زەنگی دەرگاکان، شەڕە دەمی ناو کۆڵانەکان، شاوری پۆلیسەکان، پاسی قوتابخانەکان... کاتێکیش ئێوارە دێت لەپڕ بێدەنگییەک باڵ بەسەر هەموو شتێکدا ئەکێشێت، لەپەنجەرەی ژووری نووسینەکەمەوە کە ڕووی لە باخچەکەی پشتەوەیە پۆلە چۆلەکەیەکی زرت و جیکەجیککەر ئەبینم بەسەر بنە توتڕکەکاندا ئەفڕن. لە بەردەم

## پێش ئەوەی بشچمە ناو جێگاکەمەوە بەخۆم ئەڵێم، ئەبێت دڵم خۆشبێت بەوەی کە هێندەی تر ڕۆژم ماوە تیایاندا بژیم

ئەو مێزی نووسینەی کە لەبەردەمیدا دانیشتووم تیشکی ئەو تەلەفزیۆن و لەمپایانەی باڵەخانەکانی دەوروبەر ئەبینم.

**تەلەفزیۆن:** دوای ئەو نیوەڕۆیە لەڕێی تیشکی پرتەپرتکەری ئەو هەموو تەلەفزیۆنانەی کە لە پەنجەرەی ماڵەکانەوە ئەبینران، تێگەیشتم کە ئەوە هەمووی گۆڕینی یەک لەدوای یەکی کەناڵەکانە کە ئەوانیش وەک من ئەیگۆڕن: خانمێکی گۆرانیبێژ بە خۆی و قژێکی زەردکراوەوە گۆرانییەکی تورکی ئەڵێت، منداڵێک شوکلات ئەخوات، خانمە سەرۆک وەزیرانێکی گەشبین، یارییەکی فۆتبۆڵێن لە چیمەنێکی سەوزدا، گروپێکی پوپی تورکی، ڕۆژنامەنووسەکان گفتوگۆ لەسەر کێشەی کورد ئەکەن، ئۆتۆمبیلی پۆلیسی ئەمەریکی، منداڵێک قورئان ئەخوێنێت، هەلیکۆپتەرێک بڵێسەی لێ بەرزئەبێتەوە، پیاوێک شەبقەیەکی بەدەستەوەیە و ئەچێتە سەر شانۆ، هەمان خانمە سەرۆک وەزیران، ژنێکی ماڵ لەو کاتەی جلە تەڕەکان ئەدات بە تەنافدا گفتوگۆی لەگەڵ ئەکەن، ئامادەبووانە چەپڵە بۆ ژنێک لێ ئەدەن، کە وەڵامێکی ڕاست ئەداتەوە لە بەرنامەی پرسیار و وەڵامدا... کاتێک بۆ ساتێکی کەم لەپەنجەرەکەوە ئەڕوانم ئەبینم هەموو ئیستەنبوڵ ـ جیا لەو نەفەرانەی کە لە ناو ئاوی بوسفۆردان و تەنها گڵۆپەکان ئەبینن کە مەودای نێوانیانە ـ دائەنیشم و سەیری هەمان ئەو وێنانەی شار ئەکەم.

**ئێوارە:** لەو کاتەوەی دەنگەدەنگی شار گۆڕاوە و بووە بە جۆرێک لە پسکەپسک یان هەناسەهەڵکیشانێکی هیلاک. کاتێکیش کە چووم بۆ ژووری نووسینەکەم تا کەمێک بنووسم، بینیم لە قاوەخانەی ژێرزەمینەکەدا تا ئێستاش خەڵکی دانیشتوون و یاریی وەرەقە ئەکەن و سەیری تەلەفزیۆن ئەکەن. خێزانێکم بینی کە ئاشکرا دیاربوو ئەچوون بۆ سەردانی خزمێکیان: کوڕێژکەیەکی بچکۆلە بە باوەشی باوکییەوە نووستبوو، دایکەکەش دووگیان بوو. بەخێرایی بەلای مندا تێپەڕین وەک ئەوەی لە شتێک بترسن. دوای ئەوەی کاتێکی باش لەبەردەم مێزی نووسینەکەمدا دانیشتم پلاکی تەلەفوونەکەم پێوەکردەوە و نیوەشەو زەنگی تەلەفوونەکە لێی دا.

**ترس، پارانۆیا و واهیمە:** ئەوە ئەو تەلەفونە تیرۆرستەبوو کە هەموو شەوێک بۆم ئەکرێت بەبێ ئەوەی ئەو کەسە یەک وشە چییە بیڵێت. پلاکی تەلەفونەکەم دەرهێنا و تەرکیزم لەسەر کارەکەی خۆم کرد، بەڵام نەمتوانی لەدەستی ئەو هەستی ڕمڵ لێدانەم ڕزگارم بێت لە نزیکبوونەوەی کارەساتێک: پیاهەڵپژانێک یان شەڕێکی ناوخۆ ڕەنگە لە شوێنێک لە شوێنەکان بەڕیوەبێت هەڵبگیرسێت، ڕەنگیشە هاوین وشکەساڵی دروستبێت وەک لە ڕۆژنامەدا نووسرابوو، ڕەنگە ئیستەنبوڵ لەگەڵ زەویدا تەختبێت بەو بومەلەرزەیەی کە ساڵانێکە پێشبینی ئەکرێت ڕووبدات. دوای نیوەشەو، دوای ئەوەی هەموو تەلەفزیۆنەکان کوژانەوە و لەمپاکان خامۆشکران، ئۆتۆمبیلێکی خۆڵ بەوڕەوڕ تێپەڕی. وەک هەمیشە سواڵکەرێک دێت و بڕیارئەدات یەک بەدوای یەک بەخێرایی بەناو تەنەکە خۆڵەکاندا بەدوای ئەو شوشە باش و پارچە مەعدەن و ڕەزمە وەرەقانەدا بگەڕێت کە ئەتوانێت بیانخاتە ناو



زۆر ئاسان لەڕێی لێکدان و کۆکردنەوەوە ئەیژمێم، ئەگەر سفرەکانی سەر شاشەی حاسیبەکە ڕاستبن ئەوا من زیاتر لە پانزە هەزار و سێسەد ڕۆژی ئاوا ژیاوم. پێش ئەوەی بشچمە ناو جێگاکەمەوە بەخۆم ئەڵێم، ئەبێت دڵم خۆشبێت بەوەی کە هێندەی تر ڕۆژم ماوە تیایاندا بژیم.



تورەکەکەیەوە. تۆزێک دوای ئەوە عەرەبانەیەکی یەک ئەسپی بەتەقەتەقی ناڵەکانییەوە بەو شەقامەدا ئەڕوات، کە من چل ساڵە تێیدا نیشتەجێم، عەرەبانەکە پڕە لە خەشەڵ و ڕۆژنامەی کۆن و ئامێرێکی جلشتنی لەسەر پشت دانراو. لای مێزی نووسینەکە دائەنیشم و حاسیبە بچوکەکە دەرئەکەم.

**ژماردن:** زۆر ئاسان لەڕێی لێکدان و کۆکردنەوەوە ئەیژمێم، ئەگەر سفرەکانی سەر شاشەی حاسیبەکە ڕاستبن ئەوا من زیاتر لە پانزە هەزار و سێسەد ڕۆژی ئاوا ژیاوم. پێش ئەوەی بشچمە ناو جێگاکەمەوە بەخۆم ئەڵێم، ئەبێت دڵم خۆشبێت بەوەی کە هێندەی تر ڕۆژم ماوە تیایاندا بژیم.

**سەرچاوە:**
Andra färger
Orhan Pamuk
٢٠١٠ Norstedts, Stockholm